# ڕۆڵی شاعیر لە سروودی نەتەوەیی کوردیدا زێوەر وەک نموونە

**م.ئاری قادر محەمەد**
بەشی موزیک - کۆلێژی هونەرە جوانەکان
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
ariqadir65@gmail.com

**پ.ی.د. هەیسەم شەعوبی ئیبراهیم**
بەشی پەروەردەی هونەری
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی موستەنسەرییە- بەغداد.
Hathamshaoobi54@gmail.com

**پ.د. ڕزگار محمد شێخ محمد**
بەشی موزیک - کۆلێژی هونەرە جوانەکان
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
mailto:rizgar.shikhmohamad@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕێبازی مێژوویی و وەسفی ئەنجام دراوە، بەشێوەیەکی زانستی ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لەچەند بابەتێک پێکهاتووە: بابەتی یەکەم تایبەتە بە سەرەتای دروستبوونی سروودی نەتەوایەتی و ئەو هۆکارە ڕامیارانەی کە ڕۆڵی هەبووە لەو بوارەدا. بابەتی دووەم بریتییە لە مێژووی هۆنراوەی نەتەوایەتی لەکوردستان و ڕۆڵی شاعیر لە چاندنی تۆوی بیری نەتەوایەتی و خۆشویستنی خاک ونیشتمانی کوردان. بابەتی سێیەم بریتییە لە ڕۆڵی زێوەری شاعیر وەک پێشەنگێک لە ناساندن و بڵاوبوونەوەی ئەو سروودانە. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیر لە سروودی نەتەوایەتیدا گرنگترین ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی هەبووە، لە چاندنی تۆوی خۆشویستن و دڵسۆزی و بەرگری کردن لەخاک و نیشتمان. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر ئەو ڕۆڵەیە کە شاعیر بینیویەتی لە سەرەتای دروستبوون و فێرکردن و بڵاوبوونەوەی سروودی نەتەوایەتیی لەناو گەنج ولاوان و کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕۆڵی شاعیر ، هۆنراوەی نەتەوایەتی، سروودی نەتەوایەتی.

**کێشە و گرنگی توێژینەوە:**

مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاوە لەو واقیعەی کە تێیدا دەژی و لە ژێر کارلێک و کـــاریگەری ئەو ڕاســـتیانەدایە. ئەو واقـــیعە پەیوەســـتە بە بـــارودۆخی کـۆمەڵایەتی و کولتـووری و ئـابووری و سیاسـییەوە. سـروودی نەتەوەیـی لەســـەر بنەمـــای گرێـدان و پتەوکردنـــی ناســـنامەی نەتەوەیـــی و نیشـــاندانی ڕووداوە مێژووییەکـانی مـیللەت دامەزراوە و یـادەوەری بە کـۆمەڵی شـەڕ و سەرکەوتن و قارەمانێتی نوخبە سیاسی و سەربازییەکان بەرجەستە دەکات، بەو شـــێوەیەش ڕۆڵـــی هەبـــووە لە بەرزکـــردنەوەی هەســـتی هـــاودەنگی و نیشتمانپەروەری و وروژاندنی هەستی بەهێزی پڕ لە سۆز و خۆشـی و خەم و تورەیی. بە شێوەیەکی گشتی "موزیک بە بانگەشـەکردن بۆ ڕابردوویەکـی مێژوویـی هـاوبەش، بـۆ پێکهێنـانی ناسـنامەی نەتەوەیـی بەکاردەهێنرێت (Yi-Chieh Lai, ,2018,pp16)

سـروودی نەتەوەیـی لەنـاو میللەتـی کـورد کاتێـک دەسـتی پێکـرد، کە لە سـرووده فەرمییەکانـدا هـیچ شـتێکیان نەدۆزیـیەوە، کە هەڵوێسـتی خۆیـان بەرامـــبەر بەو ڕووداو و بارودۆخـــانە دەربـبـــڕن، کە پێیـــدا تێـدەپەڕن. ئەگەر سەرنج بدەین بە سرووده نەتەوەییە کوردییەکانـدا بەپێی گۆڕانکاریی باری سیاسی کارلێکی، لەگەڵ کات و شوێندا کردووه و بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێـت. ســـەرەتا قۆنـــاغی خۆناســـاندن و چەســـپاندنی میراتـــی نەتەوایەتـــی و خۆشویســـتن و دڵســـۆزی بـــۆ نیشـــتمانی کـــوردان و وەســـف کردنـــی دیـــمەنە ڕەنگینەکـــانی کوردســـتان. ئەم جـــۆرە ســـروودانە زیـــاتر پەیوەســـت بـــوو بە ســـەردەمی داگیرکردنـــی بەریتانیـــا و ســـەردەمی پاشـــایەتی. قۆنـــاغی دووەم سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی کۆماری و بەڵێنی دەسەڵاتداران بەپێکەوە ژیــان و یەکســـانی و مـــافی شارســـتانی تـــاکی کۆمەڵگـــا بەبـــێ جیـــاوازی، لەم قۆنـاغەدا لەگەڵ سـرووده نەتەوەییەکانـدا سـروود بـۆ پێکەوه ژیـانی کـورد و عەرەب لەیەک نیشـتماندا دەگوترایەوه. لەقۆنـــاغی ســـێیەمدا پەرچەکـــردار بـــوو بەرامـــــبەر بـــێ بەڵێنـــی و دڕنـــدەیی دەســـەڵاتدارانی حکـــومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. لێرەدا هۆنراوەی سروودەکان هۆشیارکردنەوه و بانگەوازی

نـاڕەزایی و ڕێپێـوانی سـەربازیی و بەرگریکـردن و شـەڕ و قوربانیـدان بـوو لەپێنـاوی مـان و نەمانـدا. لەبەر ئەوەی شـاعیر لە سـروودی نەتەوایەتیـدا گرنگتـرین ڕۆڵ و کـاریگەریی بەرچـاوی هەبـووە. تـوێژەر بەپێویسـتی زانـی توێژینەوەیەکی زانستی ئەکادیمی لەسەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی شاعیر بکات.

**ئامانجی توێژینەوە:**

هەوڵـدەدات تیشـک بخـاتە سـەر ڕۆڵـی ئەو شـاعیرە پێشـەنگانەی کە لە بـواری هـۆنراوە و سـروودی نەتەوەییـدا کاریـان کـردووە. لەهەمـان کاتـدا ئاشـکراکردنی کەشـی ڕامیـاری و کـۆمەڵایەتی و کولتـووری و هـونەری لە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لەو سـەردەمەدا و کاریگەرییەکـانی لەسـەر بەرهەمهێنان و هەوڵدان و هاندانەکانیان بۆ پەرەپێدانی سروودی نەتەوەیی بەمەبەسـتی بڵاوکـردنەوەی لەنـاو خوێنـدکاران و گەنجـان. هەروەهـا ئەم تـوێژینەوەیە ئەوە دەخـاتە ڕوو کە ئەو شـاعیرە پێشـەنگانە لە سـەردەمی خۆیاندا چۆن ئەو سروودانەیان ئامادە کردووە و خوێندکار و گەنجانیـان فێر کردووە و بڵاویان کردووەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم تـوێژینەیە لەسـەر ڕێبـازی (مێژوویـی وەسـفیی)ە، کە وەسـفی دیاردەیەک یان ڕووداوێک یان شتێکی دیار کراو دەکات، لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیـاری ڕاسـت و تێبینییەکـان لەسـەریان و وەسـفکردن و خەملانـدنی بـارودۆخە گشـتی و تایبەتییەکـان، هەروەهـا بە بەکارهێنـانی سـەرچاوە و ئەرشیفە تۆمارکراوەکانی دەنگ و ڕەنگ.

**سنوورەکانی توێژینەوە:**

**سـنوری جـوگرافی** ئەم تـوێژینەوەیە تـایبەتە بە هەرێمـی کوردسـتانی عێراق.

**سنوری مێژوویی** سەرەتای دروستبوونی سروود لە کوردستانی عێراق، تا شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژی ١٩٥٨.

**سنوری بابەتی** ژیانی شاعیر و سرووده نەتەوەییەکانی.

## ٢. چوارچێوەی تیۆری:

### ١.٢. مێژووی سروود لە هەرێمی کوردستانی عێراق

لێکدانەوەی زمانەوانی وشەی سروود "ڕەچەڵەکی وشەیەکی زۆر دێرینی سانسکریتە، کە بەشێوگی ساروود Sarúd هەڵێنجراوە، کە ئاماژەیە بۆ موزیک و ئامێرێکی هیندستانیی بەمانای گۆرانیی پیرۆز، سپەنتا (مقدس) Holy Hymn لە ئاڤێستادا[1] بەشێوگی سراوتەن Sraoten و لەکوردییدا بە شێوەی سروود هاتووەتە سەر گۆ، کەهەمان مانا دەبەخشێت". (قەرەداغی ، ٢٠٢٢، ١٠٩).

بە شێوە گشتیەکەی سروود هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی ئاڕاستەکراوی ڕاستە و خۆیە، کە لە سەرەتای دروست بوونییەوە ئایدیۆلۆژیایەکی دینی و خواپەرستی هەبووە کاری پەروەردەی ناسنامەی ئایینی بووە، بۆ نموونە لە کوردستاندا دینی زەردەشت بە یەکێک لە یەکەمین سەرچاوەکانی گۆرانی و موزیک دادەنرێت (بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: حەمە باقی، ٢٠٠٩، ١١٧-١٦٠). لە ئەورووپاش بەهەمان شێوە دینی مەسیح سەرچاوەی یەکەم و گرنگی پێشکەوتن و گەشەی گۆرانی و موزیکە، چونکە کڵێسا بە مەبەستی بڵاوکردنەوە و پیشاندانی شکۆمەندی دینەکەی موزیک و گۆرانی بەکار دەهێنا نموونە (Hymn)[2] ئەو جۆرە گۆرانی وتنەیە کە پەیوەستە بە ڕیتمی دەقێکی شیعرەوە. (الشوان ، ١٩٧٩، ١٢٢). کە ستایشە بۆ خودا لە ڕێگەی دینەوە بەکار هاتووە.

کۆراڵ (Chorale) لە سەرەتادا بریتی بوو لەو سروودە دینییانەی کە لە کڵێساکاندا پێکەوە دەگوترا. پاشان بۆ جیاکردنەوەی سروودی دینی و دنیایی بە سروودی دنیایی دەگوترێت (Anthem)[3]. کە دووەمیان ستایشە بۆ شتە دنیاییەکان، وەک پەروەردەی ناسنامەی نیشتمانی یاخود نەتەوە.

لە عەرەبیدا "( النشید) مانای بەرزکردنەوەی دەنگە بەڕیتمێکی ڕێکوپێک و خاوەنی بیرۆکەیەکی ئایینی بێت، واتە ئەو دەقەی دەبێتە سروود دەبێت هەڵگری پەیامێکی ئیسلامی بێت، زۆر جار ئەم جۆرە لە ڕیتم بەدوورە لە ئامێری موزیک تاکو ڕەهەندە ئایینیەکەی بەتەواوەتی بەرجەستە بکات، کە تەنها و تەنها پشت بەدەنگی پیاوێک یان دووان دەبەستێت و ڕەگەزی مێینە

لەم جۆرە سروودەدا بەشداری ناکات". (محەمەد ، ٢٠١٢، ٩).

لەڕووی دەروونییەوە سروشتی چڕین بە گرووپ "ئەزموونە سۆزدارییەکان ئەرێنیتر دەکات و کۆمەڵێک ئەنجامی دەروونی ئەرێنی گرنگی بۆ تیمەکان و ئەندامەکانیان هەیە". (Slater, Haslam & Steffens, 2018, 2).

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لەربارەی سروودی دینی و گۆرانی وتن بە گرووپ، بەڵام سەبارەت بە موزیکی کوردی دنیایی لەبەر ئەوەی مێژووی دێرینی نەتەوەی کورد و ئەو هەموو دەردەسەری و زوڵم و زۆرەی کە بەسەری هاتووە ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لە ئەدەب و هونەرەکەیدا. وەک نیکتین واسیلی ( ١٨٨٥ – ١٩٦٠ ) زانای کوردناس دەڵێت: "بۆم دەرکەوتووە، کە سامانی گۆرانی کوردی لە زەمینەیەکی ناوازەوە هەڵقوڵاوە، چونکە شۆڕەسواری و شەڕەنگێزیی و ئازایەتیی لەنێو کورددا پترە وەک لەدراوسێکانی (تورک) و (ئەرمەن) ". بەڵێ زوربەی هەرەزۆری لاوکەکانی کوردی لەقاڵبی (Bard – بارد)دا، داڕێژراون، کە پیاهەڵدانە بە شان و شکۆی سەردارەخوێن بەخشەکانی کورد و ئەو کەسانەی، کە لەپێناوی خەڵک و شکۆی خاکی کوردستاندا، خۆیان کردووە بە قوربانیی، لهڕووی داگیرکەر وەک پاڵەوان وەستاون و بەرەنگاریی هێرشی دوژمنیان کردووە، ئابڕووی خەڵک و خۆیان و خاکیان پاراستووە، سەبارەت بە(جەنگ) و (جوامێری) کورد لە (لاوک)دا دەوڵەمەندە. ڕاستە "هەژارترین خێڵە کورد، دەوڵەمەندە لە گۆرانی و ئاوازدا". (شەریف، ٢٠١١، ٣٩–٤٠).

پێش سروود "ئەو شیعرە نیشتمانییانەی لەو سەردەمەدا دەخوێندرانەوە بەبێ موزیک بوون، وەکو وتارێکی بەجۆش و خرۆش و هاندانی جەماوەر دەخوێنرانەوە". (قەرەداغی، ٢٠٢٢، ١١٠).

سەبارەت بە "جۆرەکانی سروود هۆنراوەکەی دیار دەکات" (ئەحمەد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٧/٢) وەکوو سروودی ( پەروەردەیی، نیشتمانیی، فێرکاریی، جەنگ، وەرزشیی، سەربازیی، دیدەوانیی.......هتد). دەتوانرێت سەرەتای دروست بوونی سروودی نەتەوەیی کوردی بگەڕێنینەوە بۆ سەرەتای دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و جەنگی یەکەمی جیهانی.

## ١٠١٠٢. کاریگەریی جەنگی جیهانیی بەسەر هونەری کوردی بەتایبەتی سروود

موزیک هۆکارێکە بۆ گۆڕانکاری لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا، بەسوود وەرگرتن لەڕووداوە دەرەکییەکان. بۆ نموونە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا "موزیک ورەی سەربازەکانی لە شەڕدا بەرز دەکردەوە و پیاوە بریندارەکانی دڵنەوایی دەدا، هەروەها ڕۆحی نیشتمانپەروەری و هەستی دژە جەنگی لە بەرەی ناوخۆدا کەم دەکردەوە. Gordeeva) (2 ,2021 ,. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە موزیک ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەبووە لە جەنگدا "هەندێک لە زانایان باس لە بەکارهێنانی موزیکی چینی دەکەن وەک پڕوپاگەندەی سیاسی. (Yi-Chieh Lai، 2018 ، 14)

بۆ هەمان مەبەست لەکاتی جەنگی نێوان چین و ژاپۆن لەچاوپێکەوتنێکدا ژاپۆنییەک "هۆکاری سەرکەوتنی چینی نە بۆ چەکی باڵا و نە بۆ تاکتیکی شەڕ گەڕاندەوە، بەڵکو بۆ ئەو ڕاستییە گەڕاندەوە کە بۆ وروژاندنی هەستێکی گەورەی جەماوەری چین پشتی بەستووە بە گۆرانییەکانی جەنگی بەرخۆدان بەمەبەستی وروژاندنی هەستێکی جەماوەری گەورە. " (Howard, 2014, 1)

پێشەنگەکانی شیعرو ئەدەب لە نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی بایەخێکی گرنگییەکی زۆریان داوە بە هۆنراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسی و پەروەردەیی و فێرکردن ئەمەش لەسۆنگەی هەستکردنیان بەگرنگی و کاریگەری ئەو هۆنراوانە لەچاندنی تۆوی خۆشەویستی خاک و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و دڵسۆزی و خەباتکردن لە پێناوی نیشتمان، کە بە بۆچوونی توێژەر ئەو گرنگیدانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەی کە لەو سەردەمەدا لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵات و دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی[4] و لاوازبوونی قاجارییەکانی[5] ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لەسۆڤیەت. ئەمانە هەمووی وایکرد کە میللەتانی ژێردەستە و چەوساوەکانی وەک : کورد و عەرەب و ئازەر و ئەرمەن هیوا پەیدا بکەن و هەوڵ و خەباتیان چڕ بکەنەوە لەپێناوی بەدەست هێنانی مافی سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.

بزووتنەوەی ئەدەب و هونەر و بیریش تێکەڵ بە بزووتنەوەی ڕزگاری و پێشکەوتنخوازی سیاسی و کۆمەڵایەتیش تێکەڵ بە ڕووداوەکانی بزووتنەوەکە بوو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بێجگە لە بواری چەکداری "هەندێ بواری تر هەن کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ ئارامکردنەوەی کۆمەڵ یان برەودانیان بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خۆڕاگربن و بەرهەڵستی بکەن لە پێناو بیر و باوەڕیان و مانەوەی کۆمەڵ بە ژیانێک ئەو بەرهەڵستییە بکاتە خەمێکی گەورەی خۆیان و ورەیانی پێ بەرز ببێتەوە تا قۆناغێکی تر، بێگومان هونەر و ئەدەب بەهەموو لقەکانیەوە هۆیەکی زۆر گرنگن بۆ ئەم مەبەستە". (قەرەداغی، ٢٠١٢. ٢٣).

بەتایبەتی "سروود کەلێنێکی گەورەیە لەناو کلتووری نەتەوەکەماندا. بەو حوکمەی کە ئەم میللەتە هەمیشە لە نارەحەتییا ژیاوە پێویستی بە هونەرێکی بەرخودان هەبوو کە لەڕێیەوە بتوانێت بەرگری لەخۆی بکات کەئەویش لەلای ئێمە بەسروود ناسراوە." (قەرەداغی، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٧/٣ ).

ئەو بارودۆخە ناهەموارە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە ناوتوێژی شاعیراندا. هۆنراوەکانیان پڕبوون لە جۆش و خرۆش و بزوێنەری هەڵچوونی گیانی جوامێری و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران و ناحەزان لەپێناوی خاک و نیشتمان و دەرخستنی شکۆی مێژوویی و ئاکاری بڵندی نەتەوە. وشەکانیان بەزمانێکی سادە نووسی، کە هەموو توێژ و چینێک لێی تێبگات و دەروونی هەموو تاکێکی کورد بجووڵێنێ. لە سۆنگەی هەستکردن بە کاریگەری زیاتری ئەو هۆنراوانە کە بە ئاواز بگوترێت و لەبەر نەبوونی ئاوازدانەر، شاعیران دەستیانکرد بە گونجاندنی ئەو هۆنراوانە لەگەڵ ئاوازی سروودی تورکی و عەرەبی. و ئاشنا کردنی گەنجان و لاوان بەو سروودانە. لەبەر نەبوونی هیچ ئامرازێکی تری بڵاوبوونەوە قوتابخانە کرا " بەسەر مەشقی ڕاهێنانی چێژ و هزری منداڵان و لاوانی کورد". (بایز و جاسم، ٢٠١٣، ٢١).

ئەو سەردەمە "ڕووی پەروەردەیی و نەتەوەییان خستبووە پێش هەموو شتێکەوە لەبەر ئەوە لە ڕەسم ، لە سروود، لە یارییەکان، لە خوێندن هەمووی باسی کوردایەتی و جوامێری و ئازایەتی بوو داکۆکیکردن و باسی

جوانی ئەم نیشتمانە بوو. (قەرەداغی، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٧/٣).

بۆچوونێک هەیە دەڵێت: "سروود لە پرۆژەی بنیاتنانی نەتەوەدا زۆر گرنگە چۆنێتی وەرگرتنی سروودێک بەندە بە بارودۆخ و مێژووە تایبەتەکەیەوە و لە کوێ دەبیسترێت: لەگەڵ هاووڵاتیان، لە مەراسیمێکی دەوڵەتی، لە قوتابخانە یان تەنانەت لە سینەما، بێگومان ئەو سروودە هزری نەتەوەیی ئەو گروپە بەرز دەکاتەوە". (Cusack, 2008, 48).

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا "بەهۆی کاریگەریەتیی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە، لە ڕێگای ئەو نووسەرانەوە هاتە ناو کولتووری کوردەوە کە چووبوون لە ئەستەنبوڵ ژیابوون ( زێوەر و پیرەمێرد: توێژەر) دیبوویان کە لەوێش هونەرمەندانی تورک، ئەرمەن، عەرەب بەهۆی مۆسیقا و گۆرانییەوە دەتوانن نیشتمان و نەتەوەی خۆیان شیرین بکەن. (پیربال، ٢٠١٠، ٣٤).

ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە بەهۆکاری ئەوەی "لە قوتابخانەکانی تری عێراقدا سروود بەتورکی، دواتریش بەعەرەبی دەوتران. (واتە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی حوکمی پاشایەتی لە عێراق: توێژەر) لەکوردستاندا بزووتنەوەیەکی نیشتمانپەروەرانە بەرپا بوو بۆ دانانی هەڵبەست و سروودی کوردی بۆئەوەی لە تەک ئەو سروودە تورکی و عەرەبییانەدا، کوردییەکانیش بچڕێن". (باکووری، ٢٠٠٠، ٦٠).

کەواتە سەرەتا قوتابخانە ئەو ڕۆڵەی بینی، لەگەڵ ئەوەشدا "ڕاستە ئەو گۆرانی و سروودە بزوێنە هەستێکی سروشتی لای قوتابی دەخولقێنێت و چێژێکی هونەری شیعر و ڕیتم و مۆسیقای پێدەبەخشێت و تینوێتی هونەری دەشکێنێت و لەهەمان کاتدا ئاسۆی بیری فراوانتر ئەکات و گەشە بە بەهرە و توانای زەینیی ئەدات". (ئاگرین، ٢٠١٣، ٣٤٦). ئەمانە هەمووی ئەوە دەسەلمێنن کە سەرچاوەی فێربوون و بڵاوبوونەوەی سروودە کوردییەکان لە ناو میللەتی کورددا لە قوتابخانەکانەوە دەستیان پێکرد.

لەبەر ئەوەی کە "خوێندن بەزمانی کوردی بەشێوەیەکی سەرەکی لە لیوای سلێمانی و بەشێوەیەکی کەمتر لە لیوای هەولێر پەیڕەوکراوە، و لە

لیوای کەرکوکدا[6] بە شێوەیەکی یەکجار کەم هەبووە. لە قەزا کوردییەکانی لیوای موسڵیش بۆماوەیەکی کەم لەبیستەکان بەکوردی خوێندن هەبووە و لەدواییدا بووەبە عەرەبی". ( کاکەسور ، ٢٠٠٤، ٣٠٢). ئەمەش، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرەتا سروودی نەتەوەیی کوردی لە قوتابخانەکانی سلێمانی خوێندراوە. بێجگە، لەوەی کە سروودەکانیان فێری قوتابیان دەکرد چالاکیشیان هەبوو لەدەرەوەی قوتابخانە بۆ نموونە لە کاتی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە بۆسلێمانی لە تەمموزی ساڵی ١٩٢٢. "گۆرانیی بەپیرەوەچوون (نشیدی ئیستیقبال) لەلایەن مامۆستای بەڕێز و نیشتمانپەروەر (مامۆستا زێوەر)ەوە ڕێکخراو فێری دەستەی گۆرانیی قوتابییە دەنگخۆشەکان کرا. هێشتا شێخ مەحموود لە بەغدا بوو کە ئەم گۆرانییە جار جارە لە ناوچەکەی بەردەمی دەبۆکە قوتابخانەی نموونەی سەعادەت[7] دەیانخوێندەوە هیچ جارێ نەبوو فرمێسکی شادی بەچاوی زابتەکان و لاوەکاندا نەهێنێتە خوارەوە". (حیلمی ، ١٤٠٠ئێران، ٣٩٧).

سەبارەت بەیەکەم سروودی کوردی لە هەرێمی کوردستان " ئەوەی تائێستا دەرکەوتووە یەکەم سروودی کوردیی لە شاری سلێمانیدا لە ساڵی ١٩٢٢ بەناوی (نەشیدی ئیستیقبال) لەلایەن زێوەری شاعیرەوە نووسراوە. (شەریف، ٢٠١١، ٤٩).

بە بۆچوونی توێژەر لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕۆژانە قوتابیان سروودیان فێر کراوە، بەڵام ناتوانین یەکلایی بکەینەوە کە (نشیدی ئیستیقبال) بەشێوەی سروود وترابێت، چونکە لەگەڵ هەوڵ و گەڕانی توێژەر بەسەرچاوەکاندا، هیچ بەڵگەیەک بەردەست نەکەوتووە لەسەر ئەوەی کە هۆنراوەکە لەسەر چ ئاوازێک وتراوە.

لەسەر ڕۆشنایی گرنگی و کاریگەری سروود "لەساڵی ١٩٢٥ موتەسەریفی ئەوکاتەی شاری سلێمانی کەناوی (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) بووە، یەکەم کەس بووە لە قوتابخانەکاندا خەڵکی هانداوە ڕەواج بە سروودی کوردی بدەن، بۆ یەکەم جار لەسەر ئەرکی خۆی شیعری ئەو سروودانەی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، وە بۆهەر شیعرێک لەسەری نوسراوە کەلەسەر چ

ئاوازێکی تورکی (عەرەبی: تویژەر) دەگوترێت. وەلە ساڵی ١٩٢٨ دووبارە ئەو سروودانە چاپکراوەتەوە لەسەر ئەرکی کەسایەتی شاری سلێمانی (کەریم سەعید زانستی). (عەبدولواحید، ٢٠١٩، ٦٥-٦٦).

فێر کردن و وتنەوەی سروود لە قوتابخانەکاندا ساڵانی دواتریش بەردەوامی هەبووە بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٢٦ بەدواوە "کاتێک کە دەستەیەکی باش لە قوتابیانی ئەوسەردەمە فێری ئامێری هەمەجۆری مۆسیقا بوون، ( لەسەر دەستی مامۆستا عەبدولواحید[8]: تویژەر) هەموو ڕۆژێکی پێنج شەمموان بەناو کۆڵان و جادەکانی سلێمانییدا تیپی قوتابییان لەسەر ئاوازی مۆسیقای عەبدولواحیدی مۆسیقازان گەلێک سروودی نیشتمانی کوردییان گوتووە، وەک ئەم سروودانەی خوارەوە:

١-کابرا مەڕوانە لەماڵ وخانەیی وێرانی من لە شیعری ئەسیری.

٢-ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی، لەشیعری زێوەر.

٣-چەند شیرینەلام داروبەردی وەتەنم، لەشیعری زێوەر.

٤-وەتەن بەجەنەت ناگۆڕینەوە، لەشیعری ڕەفیق حیلمی. (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١٤٩).

بۆ بەردەوامی وماندووبوونی مامۆستایان لەگەڵ قوتابییەکانیان "مامۆستا شاکر فەتاح دەڵێ: ساڵی ١٩٣٦ لە قوتابخانەی ئەوەلی سلێمانی قوتابی بووم، شێخ نووری شاعیر دەهات سروود و گۆرانیی فێردەکردین، یەکێک لەو سروودانە (ئەولادی وەتەن) بوو، مامۆستا عبدالقادر قەزازیش دەڵی تەمەنم دە دوانزە ساڵان بوو لە قوتابخانەی سەرەتایی سروودی ئەولادی وەتەنیان فێردەکردین". (شارباژێری، ٢٠١٠، ١٥).

ئەوەی کە تائێستا باس کرا پەیوەست بوو بەشاری سلێمانی لە شاری هەولێریش عومەر فەرهادی دەڵێت: ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ قوتابی بووم لە قوتابخانەی (أبن المستوفي) کەتا پۆلی چوارەم خوێندن بەکوردی بوو، بەڵام سێ مەکتەبی تر هەبوون کە خوێندن بەزمانی عەرەبی بوو ناوەکانیان (أربيل الأولى، الثانية، الثالثة) لەقوتابخانەی ئێمە مامۆستایەکمان هەبوو بەناوی (کەمال عەبدولقادر جەلیزادە) کە کۆیی بوو، سروودی فێرکردین وەک

(کوردستان جێگەی بەچکە شێرانە، ئەی دلێران). (فەرهادی، چاوپێکەوتن ، ٢٠٢٢/١١/٢٨).

هەروەها مامۆستا ئەحمەد شەنگ دەڵێت: لە ساڵی ١٩٤٤ تا ١٩٤٦ لەڕەواندز پۆلی یەکەم و دووەم مامۆستا (ئیبراهیم ئاغا) سروودی فێردەکردین لەوانە (خوایە وەتەن ئاواکەی، ئەی کوردینە ئەی مەردینە)، پاشان ماڵمان هاتە هەولێر و لە پۆلی سێیەم لەقوتابخانەی (أربیل الثانیة)، کەخوێندن بەعەرەبی بوو بەڵام مامۆستای وەرزش کە ناوی (حەیدەر عوسمان) بوو، لەدەرەوەی وانەکەی خۆی سروودی کوردی پێ ئەگوتین. (شەنگ، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/١٢/٢١).

ساڵانی دواتر واتە لەساڵی (١٩٥٧) لەبەر ڕۆشنایی کاریگەری ئەو سروودانە و برەودانی زیاتر بەو بوارە و پەرۆشی تاکی کۆمەڵگە هاوڵاتیەک بەناوی ع.س. لەشاری هەولێر چەند پێشنیارێکی خستۆتە ڕوو:

١-لیژنەیەک لە مامۆستایانی نشید پێک بهێنرێ لە سلێمانی لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان ناوی نشیدەکانی کوردی لەگەڵ نغمە تایبەتیاکانیان داوابکرێت و ئەم گۆرانیانە لە قوتابخانەکاندا لەدەرسی ریاضە و نشیددا لەکۆبوونەوەی بەیانی و پاش نیوەڕۆ لەکاتی سڵاوی الا (تحیة العلم) و ڕۆژی پێنج شەموویان لەلایەن قوتابیەکانەوە بووترێ و نووسەری ئەم نامەیە بۆ ئەم ئامانجە ئامادەیە.

٢- لەبەشی کوردی ایستگەی عراق داوا بکرێت لەکاتی پێویست دا فرقەی نشید گۆرانی نشیدی کوردی بڵێن لەهەفتەی جارێک یادووجار.

٣-گۆرانیەکانی کوردی تسجیل بکرێت وتسجیلەکان بۆ قوتابخانەکان بڵاوبکرێتەوە. هیوامان وایە ئەم اقتراحەمان لەلایەن معارفەوە پەسەند بکرێت. ( ع.س، ١٩٥٧، ١٦-١٧).

بۆهەمان مەبەست لە ژمارەی دواتری گۆڤاری هەتاو کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان سوپاسی مامۆستا ع.س. ئەکا لەبەرامبەر ئەوەی دا کەلە هەتاوی ژمارە ١١٠ دا بڵاوی کردۆتەوە، لە خاڵی سێیەم و چوارەمدا نوسراوە:

" ٣- برایان رفیق چالاک و قادر دیلان آمادەن لەهەرکاتێکدا ویستتان بێن بۆ هەولێر بۆ ئەوەی یەکەمیان بەگۆرانی و دوەمیان بە مۆسیقا هەموو گۆرانی (نشیدەکانی) قوتابخانە فێری مامۆستایان بکەن.

٤-کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە ئێستاوە خەریکی ئەوە ئەبێت هەموو گۆرانییە کوردییەکان کۆبکاتەوە و بیخاتە ژێر چاپ".

لەکۆتادا گۆڤاری هەتاو وەڵام دەداتەوە و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەو هەڵوێستە، بەڵام لەهەمان کاتدا خەمی شاری کەرکوکیانە و دەڵێت " هەولێر بێ ئەندازە پێ خۆشحاڵ دەبێ کەبێن بۆ تمسیل و گۆرانی و مۆسیقا و بڵاوکردنەوەی نشیدی کوردی و کردنەوە لکی کۆمەڵە بەڵان اومیدمان وایە لەپێش دا آورێک لە کەرکوکی دواکەوتو بدەنەوە و تەلی هەستی کوردایەتیان بهەژێنن و نەک بیانخەنە پشت گوێ. ( کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، ١٩٥٧، ١٨). ئەمە ئەوە دەردەخات کەتاکی کورد هاوسۆز و هاوخەمی یەکترین و ئەگەر شتێک هەبێت با هەموو سوودی لێوەربگرن.

بۆچوونەکان زۆرتر بەرەو ئەوە دەچوون کە ئاواز بەتایبەتی سروود کاریگەریی بەرچاو و دیاری هەبێت لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری، لەو بارەیەوە عبدالقادر دەباغی لەساڵی ١٩٥٨ پێش شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژ بەچەند مانگێک دەڵێت: لەم سەردەمی ڕاپەڕینی نەتەوایەتییەدا بەتایبەتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گومانی طیدا نیە کە ئەبێ هونەریش شانبەشانی ئەدەب وزانست و بزووتنەوەی نیشتمانی بڕواو لەبەرەو پێشکەوتنا بێت... ئێمە کەنەتەوەی کوردین، بەتایبەتی لەم ڕۆژە تەنگ وچەڵەمەیەماندا، زیاتر لە لایەکی تر پێویستمان بە گرتنی ڕێگەی ...وریا کردنەوەی گەل و کۆمەڵ و خۆراکی خاوێن بەگیان و هۆشدانە، ئەبێ هونەرمەندەکانمان بۆ هەموو هەنگاو و جوڵانەوەیەکیان بەمەبەست و ڕێگەی باسکراو بڕۆن و لانەدەن. (دەباغی ، ١٩٥٨، ١٤).

ئەو هەستە نەتەوایەتیی و بایەخدان بەسروود، تەنها لەقوتابخانەکان نەبوو، بەڵکوو لەسەرەتای دروستبوونی یەکەم تیپی موزیک لەهەرێمی کوردستان بەناوی (تیپی موزیکی مەولەوی)دا، واتە "ساڵی ١٩٥٥" (بابان ،

٢٠٠٠، ١٦٠). قادر دیلان وەک سەرۆکی تیپەکە بەئەندامەکان دەڵێت: "هاوڕێیان ئەوەی، کە لە سیاسەتدا نەمان توانی بۆ نەتەوەکەمانی بکەین، ئەوا بەموزیک و گۆرانی تەواوی دەکەین.....بۆ نموونە لەبۆنە نیشتمانیەکانی وەک نەورۆزدا ڕۆڵی کارایان لە زیندوو کردنەوە و گەشەپێدانی هزری نەتەوەییدا هەبووە". (حەمە ، ٢٠١٧، ٤٢-٤٣). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم تیپە لەسەرەتای دروست بوونییەوە بەبیرێکی نەتەوایەتی کارەهونەرییەکانی ئەنجامداوە. ئەمەش وایکرد کە سروود لە بوارێکی فراوانتردا بناسرێت پاشان "دروست بوونی گرووپی هونەری لەشاری سلێمانی وەک تیپی مۆسیقای سلێمانی و هەندێ تیپی تر لە شارەکانی کوردستاندا وەک هەولێر و دهۆک و کەرکوک و کۆیە، ئەمانە ڕۆڵی باشیان هەبوو لە ناساندنی هەموو ئەو سروود و گۆرانییە سیاسییانەی کەلەو سەردەمانەدا بڵاو بوون. (قەرەداغی، ٢٠١١، ٢١).

لە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨)دا، سروودی کوردی وەرچەرخان و گۆڕانێکی زۆری لەڕووی بابەتی هۆنراوەکان و جۆری ئاوازەوە بەسەر هات، لەڕووی هۆنراوەوە لەبەر زوڵم و زۆری سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزەکان و ڕژێمی پاشایەتی دژی هەموو میللەتانی عێراق، ئەمە وایکرد بەنەمانی ڕژێمی پاشایەتی میللەتانی عێراق بەکورد و عەرەب و کەمە نەتەوەییەکانی تریشەوە پێشوازی لە حکومەتی کۆماری لەعێراق بکەن و شاعیران لە هۆنراوەکانیاندا کەوتنە پیاهەڵدانی سەرکردایەتی شۆڕش و دەوڵەتی عێراق و برایەتی کورد و عەرەب. لەبارەی ئاوازیشەوە بەهۆی پەیدابوونی ئاوازدانەر ئەو هۆنراوانە ئاوازی کوردییان بۆ دانرا.

**٢.٢ مێژووی هۆنراوەی نەتەوایەتی لەکوردستاندا**

شاعیر نوێنەرێکی مرۆڤ دۆستی کۆمەڵگەیە لە هەموو دەورو زەمانێکدا. لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم بەولاوە تا دوا سالانی سەدەی بیستەم هۆنراوەی کوردی لە خەباتی نەتەوایەتی ئەوسەردەمانە لە مێژووی میللەتی کورددا دەوری دیاری هەبوو. "شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی بۆو بەرامەی خاک و خۆڵی وڵاتی لێ بەرز ئەبێتەوە، دەنگی ڕەسەنایەتی هەستە

پیــرۆزەکەی ڕۆڵانــی نەتەوەیە و بەدنیــای ئەگەیێنــێ و هەوێنــی پــاکێتی و دڵسۆزی تیا ئەژێ. (ئاگرین، ١٩٨٨، ٤٧).

بەو پێیە هـۆنراوە هەڵگری پەیـامێکە "ئامـانجی سـەرەکی زمـانی شـیعر، گەیاندنی بـابەتی(Theme) شـیعرە. لەم هەڵوێـستەدا شـیعر نەک ئاکام، بەڵکو ڕێگاشــە...... ئەو هــاوارو قیــژەیەیە، کەلە سیاســەت و ئــابووری و جەنــگ و مەرگ و برســـێتی و تـــرس و دڵەڕاوکێیـــی و نـــامۆیی و غـــوربەت....دایە (مەحموود، ٢٠٠٩، ١٣٧-١٦٠)

بەدیــارکراوی لە بــواری هــۆنراوەی نەتەوایەتیــی لە مێــژووی ئەدەبــی کوردیدا دوو شـاعیری گەورەی کورد پێشـەنگن "یەکەمیان ئەحمەدی خـانی (١٦٥٠-١٧٠٦) و دووەمیــان حــاجی قــادری کــۆیی (١٨١٥-١٨٩٧)، ئەمــانە داهێنەری لایەنی بەرهەمی ئەدەبی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و کــوردایەتی ڕۆژگــاری خۆیــان بوون.....خەبــاتی ئەم دوو شــاعیرە بەرزە لەپێناوی دروستکردنی دەسەڵاتێک بوو، ئازادی و سەربەخۆیی پێوە دیار بێ و فەرمانی بێگانەی بەسەرەوە نەبێ. (خەزنەدار ، ٢٠٠٩، ٦٨).

ئەو ڕێچــکەیە لەلای شــاعیرە نەتەوەییەکــانی دوای خۆشــیان پەرەی پێدراوە بۆ هەمان مەبەست ( ئەحمەد موختار جاف) دەڵێت:

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زولفی خاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم وکاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول یا لقی لاولاو بکەن
ئێوە تەکبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن (موکریانی ، ١٩٦٩، ١٤).

لەدوای جەنگـی یەکەمـی جیهـانی و داڕمـانی ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری،.....تاد، هـاتە ئاراوە زۆربەی میللەتانی ژێردەستەی ئەو ئیمپراتۆریەتە هەستی نەتەوایەتییان بەرز بووەوە، میللەتـی کـوردیش یەکێـک بـوو لەو میللەتـانە و بـزووتنەوەی نەتەوایەتـی و سەربەخۆیی پەرەی سەندوو بوژایەوە، ئەم گۆڕانە وردە وردە ئەدەبەکەشـی گرتەوە و وەکو نـاوەڕۆکێکی تـازەی شـیعری کـوردی سـەریهەڵدا. شـاعیران زیاتر گرنگییان بە هەستی نەتەوایەتی داو بەدەنگ خواستی میللەتەوە هاتن.

هۆنراوەیـــان گرێـــدا بەو بـــارودۆخەی کە دەگـــوزەرا لەو ســـەردەمەدا. "پەیوەســـتی شـــیعر بە ڕووداو بـــار و دۆخەکەوە، هەنـــدێ جـــار وا لە شـــاعیر ئەکات ببێتە بەشێکی دانەبڕاو و کاریگەر و ڕۆڵ لەڕووداوەکەدا ببینێ...شاعیر بـا سـەرکردەیی ڕاپەڕیـن و شۆڕشـی نەکردبـێ بەڵام لە کوانـوی شـیعرەکانی یەوە تەزووی هوشـــیاری و گیـــانی شۆڕشـــگێڕی بە جـــوڵانەوەی سیاســـی بەخشـیوە. ( ئـاگرین، ١٩٩٤، ١٥ – ١٨). خـاڵێکی تـریش کە پێویسـتە ئامـاژەی پێبـدرێت ئەوەیە کە "یەکەم گـۆڕینی کـێش و قـافیەی شـیعری کـوردی بەرەو شتێکی تازەی سەر بە جیهانی شیعر لە سروودی کوردیدا بـوو". ( ڕەسـوول، ١٩٨٥، ١٩٥).

ئەمە لەلایەک لەلایەکـی تـرەوە ئەگەر سـەرنجێک بـدەین لە  شـاعیرانی ڕێچـکەی نەتەوایەتـی وردە وردە کەوتـنە پـاککردنەوەی هۆنراوەکانیـان لە وشەی بیانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بۆچـوون و تێڕوانینیـان وابـووە کە زمـان کەلەپـووری پیـرۆزە و دەبـێ بپارێزرێت. " ئەدەبیـاتی کـوردیی نێـوان دوو جەنگـی جیهـانی پـڕە لە وشـەی ( قەومـی کـورد) بەڵام لەپەنجـا سـاڵی دواییـدا وشـــەی (گەل) جێـی قەومـی گرتەوە.....هەروەهـا وشـەی (نەتەوە)[9] لەجیـاتی (nation) لەدەورانـــی فەرمـــانڕەوایی بەهەشـــتی شـــێخ مەحمـــوود دەزانرا....ئەگەرچی وشەی (میللەت)یش هەر بەکار دەبـراو ئێسـتەش جاروبـار هەر بەکار دەبرێ." (نەبەز ، ٢٠٠٢، ١٠)

لە سـاڵانی بیسـتەکانەوە دوای ئەوەی قوتابخانەکـانی باشـووری ئێـراق بـوون بە عەرەبـی، هـی کوردسـتانیش بـوون بە کـوردی، شـاعیرێکی وەک (مەعـروف ڕەسـافی) بەشـێک لە سـروودی قوتابیـانی تـورکی کردبـوونە عەرەبـی، کـوردیش لە عەرەبییـەوە یـان لە تـورکیەوە کردوونـی بەکـوردی، لێرەدا دوو شاعیر دەوری گرنگیان هەبوو؛ یەکەمیان زێوەر، دووەمیان فـایەق بێکەس. (باڵەکی ،٢٠٠٥، ٤٦).

### ٣٠٢ زێوەر (١٨٧٥ – ١٩٤٨)

زێـوەر یەکـێکە لەو شـاعیرانەی ڕۆڵێکـی بەرچـاو و دیـاری هەبـووە لەسروودی نەتەوایەتی و نیشتمانی و سـروود بـۆ قوتابیـان کەلەم بووارەدا

ژمارەیەکی زۆر هۆنراوەی داناوە. "لە سنوری لێکۆڵینەوەی پەیڕەوی بیر و ڕوناکی شیعری کوردیدا زێوەر بەسەرئامەدی شاعیرانی سرودنوسی کورد دەزانرێ". (ڕەسول، ٢٠٠٧، ١٦)

ناوی عەبدوڵڵا کوڕی محەمەدی ئەفەندی مەلا ڕەسوڵی بە بنەچە پشدەرییە و لە شاری سلێمانی لەگەڕەکی کانێسکان هاتۆتە دنیاوە. ( زێوەر، ٢٠٠٣، ١٠). لە ( ١٩٤٨/١١/١٠) لەسلێمانی لە تەمەنی (٧٣) ساڵی ماڵئاوایی لە دنیا کرد و لە گۆڕستانی گردی جۆگای سلێمانی بووە دوا ئارامگای. (مصطفی، ١٩٨٩، ١٦).

زێوەری شاعیر لەزۆر بواردا هۆنراوەی نووسیوە، بەڵام لایەنێکی دیاری بەرهەمەکانی "ئەو سروودانە بوو کە بۆ بزواندنی هەستی نیشتمانپەروەری لای نەوەی نوێ زیرەکانە ڕەنگی ڕشت و بووە مایەی ئەو ڕاستییەی کە دەڵێ "زێوەر پێشەنگی سروودی کوردیە کەشکۆمەندی میللەتی کورد و خاکەکەی نیشان دەدات". (رسول، ٢٠١٠، ١٩٢).

بۆ یەکەمجار "لەساڵی ١٩٠٠ زێوەر دەگاتە ئەستەمبوڵ و چوار ساڵ لەناو ژیانی ئەدەبی ئەوێ بەسەر دەبات و دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتیی شاعیرە تورکەکان. سروود دادەهێنێ". ( پیربال، ٢٠١٠، ١٢٧).

ئەو ماوە زۆرە " لەوێ مامۆستابووە". (عەبدولواحید ، ٢٠١٩، ٦٥). کەگەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی، لە مارتی ١٩٠٨ دوای تاقیکردنەوە زێوەر کرا بەمامۆستای دەستووری زمانی تورکی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی سوپایی سلێمانی، تا ساڵی ١٩٣٨ بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ کاری مامۆستایی بەسەر بردووە. (زێوەر، ٢٠٠٣، ١٠-١١).

لە کارەکەیدا وەک مامۆستا و لە هەمان کاتدا شاعیر هاتووە "بۆ ئەو ئاوازانەی کەلەوێ (ئەستەمبوڵ: توێژەر) گوێی لێیان بووە، شیعری بۆ داناون (عەبدولواحید،٢٠١٩، ٦٥). لەبەر ئەوەی کە زێوەر "هەمیشە لەگەڵ قوتابیان بووە، لەهەر چوار ماوە دەسەڵاتە سیاسییەکەی کەبریتیە لە داگیرکەری عوسمانی و ئینگلیز و بەڕێوەبەرایەتییەکانی شێخ مەحموود و دەسەڵاتی عێراق. زوربەی سروودەکانی بەناوەرۆک و ئاواز لە سروودی دەوری

عوسمانی و تورک وەرگیراون، هەندێکیشیان لە عەرەبیەوە کراون بەکوردی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سروودی ڕەسەنی کوردیان تێدا هەیە". (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٢٦٩-٢٧٠).

لێرەدا بەبۆچوونی تویژەر لەگەڵ ئەوەی کە زێوەر شاعیر بووە لە هەمان کاتدا دەبێت کەسایەتیەک بووبێت کە گوێی موزیکی بووبێت، چونکە وەکوو مامۆستایەک زێوەر هیچ ئامێرێکی دەنگی نەبووە کە ئاوازی ئەو سروودانە بۆ قوتابییەکانی لێبدات، بێجگە لە دەنگی خۆی کەسێکیش ئەگەر گوێی موزیکی نەبێت ناتوانێت ئەو ئاوازانە وەکوو خۆی بڵێتەوە و قوتابی ئاشنا بکات بەو ئاوازانە.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە زێوەر دەستپێشخەربووە لە داهێنان و پەرەپێدانی سروودا، وەک خەمخۆرێکی بواری پەروەردە "هەر لەسەرەتای ساڵانی ١٩٢٠ دا هاتووە زۆربەی ئەوزانیارییانەی ناو کتێبی جوگرافیای پۆلی چوارەمی بەشیعر هۆنیوەتەوە. ( پیربال، ٢٠٢١، ٩٧). یەکێک لەسروودە دیارەکانی زێوەر سروودی ئەی کوردینەیە " کەتا ئەمڕۆکەش لەناو کوردا ئەم سروودە زیندوویەتی خۆی پاراستووە". (شەریف، ٢٠١١، ٩١).

ئەی کوردینە ئەی مەردینە
با دەست لە ناو دەست کەین هەموو
بۆ بەرزێتی خاکی وەتەن
بۆ یەکێتی بچین هەموو کوردین هەموو (سەرکار، خالید، ٢٠٠٧، ل١٧).

ئەی کوردینە

هۆنراوە: زێوەر
ئاواز: تورکی



ئەم سروودە وێنەیەکی داهێنراوی شیعری کوردییە، کەچی بۆ چڕین ئاوازەکەی تورکییە ( انقرەنک داشنە باق ) واتە ( بنواڕە بەردی ئەنقەرە )، مارشێکە پڕ لە گیانی کوردایەتی و خۆشەویستی دایکی نیشتمان. تا ئێستا یەکێکە لە سروودە بەرهەمهێنەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستانی عێراق. (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٢٧٠).

یەکێکی تریش لە سروودەکانی بریتییە لە سروودی:

ئەی وەتەن

ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی، ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی
پێشکەوە، پێشکەوە، تۆ پێشکەوە
بۆ پێشەوە، ئەی کوردی ئازا

(سەرکار، خالید، ٢٠٠٧، ١٩).




زێوەر ئەم سروودەی لەساڵی ١٩٢٢ نووسیوەتەوە، لەم سروودەیدا موناجاتی لەگەڵ نیشتمانە. کوردستان ئەوەندە جوان بووە بە دڵبەر و خۆشی دڵدارە. وەک خاکێک تەماشای ئەم خۆشەویستەی دەکا، ئیتر دەکەوێتە بەراوردکردن لە نێوان نیشتمانی هەندێ لەشارانی دیکە.....بەڵام بێگومان بەلای شاعیرەوە نیشتمانەکەی ئەو لەهەموو ئەو جێگایانە جوانترە بۆیە پێویستی بە گەشتوگوزار و گەڕان نییە بۆ ئەو وڵاتانە. (خەزنەدار، مارف، ٢٠١٠، ٦١).

شـاعیران بەپێـی بـارودۆخی سیاسـی سـروودەکانیان دانـاوە، کاتێـک کە لەگەڵ حکـومەتی عێراقـدا نزیـک بـوونەوە هەبووبێـت سـروودیان بـۆ عێـراق داناوە. زێوەر سروودێکی بۆعێراق وتووە:

ئەی عیراق ئەی عیراقم ئەی نووری چاوان!

چەندە جوانی لەنەزەردا بوویتە گوڵشەنمان

ئەم سـرووده لەسـەر ئـاوازی سـروودی عەرەبی ( يابلادي يا بلادي يا ضياء البلدان ) واتە ( ئەی وڵاتـم ئەی وڵاتـم ئەی ڕوونـاکی وڵاتـان ) دانـراوە. زێـوەر لە سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم سـروودەکەی هۆنیـوەتەوە لەو کـاتەی دەسەڵاتی مەلیکی لە عێراقدا لەنگەری گرتبوو و مەسـەلەی نیشتمانی کـورد لە گۆڕەپـانی ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەوە گواسـترابووەوە مەیـدانی هێمنـی و ئـارامی. (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٢٦٢).

بەشـــێک لەو ســـروودانەی کەتائێســـتاش لەســـەر زاری کـــۆمەڵگەی کوردەواری ماوەتەوە بریتین لە:

| ژ | ناوی سروود | جۆری ئاواز |
|---|---|---|
| ١ | ئەی کوردینە | أنقره نک داشنه باق |
| ٢ | واوەتەن خەملێـــوە وەک گـــوڵ نەوبەهاری میللەتە | ئەی وەتەن ئەی ام مشـفق شـاد و خەندان اول بوگون |
| ٣ | تا دەست لەمل هیوانەکەم | ڕەفیق چالاک |
| ٤ | وەتەنی من کوردستانە | طونە نە هری |
| ٥ | ئەی وەتەن چەن خۆشەویستی | نحن لم نخلق |
| ٦ | بولبول بەنەغمە | قافقاسیا داغلری چیچکلرناچار |
| ٧ | چەن شیرینە لام | مارشی خدیوی مصر |
| ٨ | براینە لەخەو هەڵسن بەیانە | بنی وطن بنی اعدا |

ئەمەش، ناوی ئەو سروودانەیە کەلە کتێبی (گۆرانی کوردی) ساڵی ١٩٢٥ لە چاپخـانەی شـارەوانی سلێمانی چـاپ و بڵاوکـراوەتەوە. جێگەی ئامـاژەیە زۆرترین سروود لەو کتێبەدا هۆنراوەی زێوەرە :

ئەی عێراق ئەی عێراقم ئەی نووری چاوان (یابلادي یابلادي یاضیاء البلدان)، کوردستان وەتەنمانە جێگای شێری بابانە(شاشیردی گیر دوشمن ارسلان یاتاغنە)، فەخرە بۆ ئێمە کوردستان(بلادي أتباهی لیتني کنت فداها)، (ئەی شاگردانی وطن(بورو یەلم ایلری یە)، ایمە کەمناڵ ونوجوانین همو بە قوربانی کوردستانین(ما کە اطفال)، فخرە بۆ ایمە کوردستان شاخ ودشتی وەک گلستان(ببلادی...)، خارو خاشاکی کوردستان نایدەم بە ملکی جیهان (اننەم نی)، صلاح الدین سلطان کریم خان شاهی ایران (اردو مزایتمن ی یمین)، ئەو وطنەی هەمانە روحو چاو دینمانە ( بالقنا والقضب)، اولادی وطن ایمە کەوا ملتی کوردین (دیشب کەمرا وضع وطن)، صندوقچەی نقدی بدنی باوک وبرا وحزیزان(اعدای وطن حملە)، رونقی باغی حیاتی ملتە علم وفنون(أی وطن).

### ٣. ئەنجامی توێژینەوە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- زێوەر یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە سروودەکانی بەتایبەتی سروودی ئەی کوردینە تا ئێستاش لەسەر زاری خەڵک ماوەتەوە و دەوترێتەوە.

٢- زێوەر لە نێو شاعیرانی کوردستان زۆرترین هۆنراوە نەتەوەیی و نیشتمانی و پەروەردەییەکانی کراون بە سروود.

٣- زێوەر درێژە پێدەری ئەو شاعیرانەیە کە پێشتر هۆنراوەی نەتەوایەتییان نوسیوە، بەڵام بەهۆی سەردەمەکەی و وتنی هۆنراوەکان بە سروود، بەرهەمەکانی کڵپەدار تر بووە.

٤- زێوەر لە هۆنراوەکانیدا بەپێویستی زانیوە کە کۆمەڵگای کوردی خوێنەوار و زانا بن و بە سوودبن بۆ نەتەوەکەیان و نرخی ئەم خاک و نیشتمانە بزانن.

٥- سروودی نەتەوایەتی زۆرترین ڕۆڵی هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کۆمەڵگای کوردی.

٦- لەگەڵ ئەوەی کە زێـوەر شـاعیر بـووە لەهەمـان کاتـدا دەبێـت کەسـایەتیەک بووبێـت، کە گـوێی مـوزیکی بووبێـت، چـونکە وەکـوو مامۆستایەک زێوەر هیچ ئامێرێکی دەنگی نەبووە کە ئاوازی ئەو سروودانە بۆ قوتابییەکـانی لێبـدات، بێجگە لەدەنگی خـۆی وەکەسـێکیش ئەگەر گـوێی مـوزیکی نەبێت ناتوانێت ئەو ئاوازانە وەکوو خۆی بڵێتەوە و قوتـابی ئاشـنا بکات بەو ئاوازانە.

٧- سـەرەڕای ئەو هەمـوو بـارە نـاهەموارەی ڕامیـاری و ئابوورییـانەی کەبەسـەر کـۆمەڵگەی کوردەوارییـدا هـاتووە، سـروودی نەتەوایەتـی تـوانی جێگەی خۆی لەنێو هزری تاکی کورددا بکاتەوە.

٨- سـروودی نەتەوایەتـی لە سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو وردە وردە پاککرانەوە لە وشەی بییانی.

٩- زوربەی سـرووده نەتەوایەتیـیە کوردییەکـان لەسـەر کێشـی بڕگەیـی دانراوە.

١٠- سەرچاوەی فێربوون و بڵاوبوونەوەی سرووده کوردییەکان لە نـاو میللەتی کورددا لە قوتابخانەکانەوە دەستیان پێکرد. پاشـان تیپە موزیکییەکـان کە بەسرووود ئاهەنگەکانیان دەڕازاندەوە.

١١- شـاعیران بەپێـی بـارودۆخی سیاسـی سـروودەکانیان دانـاوە، لەسـەردەمی پاشـایەتی کاتێـک کە لەگەڵ حکـومەتی عێراقـدا نزیـک بـوونەوە هەبووبێت سروودیان بۆ عێراق دانـاوە. لەدوای شۆڕشـی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨)دا، لەگەڵ ڕووخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی میللەتـانی عێـراق بەکـورد و عەرەب و کەمە نەتەوەییەکـانی تریشـەوە پێشـوازییان لە حکـومەتی کۆمـاری کردووە. شاعیران و ئاوازدانەرانی سرووود کەوتنە پیاهەڵدانی سـەرکردایەتی شۆڕش و دەوڵەتی عێراق و برایەتی کورد و عەرەب.

**٤- پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:**

پێشنیاز بۆتوێژەرانی کورد کە توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لەسـەر شـاعیران و ئـاوازدانەرانی سـروودی نەتەوایەتـی و ڕۆڵ و کـاریگەری ئەو سروودانە لەسەر هەستی نیشتمانی تاکی کۆمەڵگای کوردی.

ڕاسپاردەی توێژەر بۆ لایەنی پەیوەندیدار بایەخدانی زیاتر بەو سروودانە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە باخچەی ساوایان و قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانەکان و پەیمانگا و کۆلێژە هونەرییەکان. لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بەوردتر و بەرپرسیارانە تر مامەڵە لەگەڵ سروودە نەتەوەییەکان بکەن.

## ٥. پەراوێزەکان:

١. ئاڤێستا: ناوی کتێب وپەیامە ئاینییەکەی (زەرتوشت)ە، کەزەمانی نووسینی ئەم کتێبە، ئەگەرچی بەتەواوی نەزانراوە، بەڵام بەلای کەمەوە (١٠) سەدەی پێش زایینە، ئاڤێستاش مانای بناغەو بنەڕەتە.(حەمە باقی ، ٢٠٠٩، ١٠٥).

٢. گۆرانییەکی ستایشکردن کە مەسیحییەکان بۆ خودا دەیڵێنەوە. (Cambridge.org, 2022, 0nline)

٣. گۆرانییەک کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو، ڕێکخراوێک، یان وڵاتێک، زۆرجار لە بۆنەیەکی تایبەتدا دەوترێتەوە.( Cambridge.org, 2022, 0nline )

٤. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی: دەوڵەتی عوسمانی لەوسەردەمەدا، بریتی بوو لە ئیمپراتۆریەتێک، کە باڵی بەسەر ڕووبەرێکی زۆر لە ئاسیاو ئەورووپای ناوەڕاستدا کێشابوو، هەر لەدەروازەکانی ڤییەنا هەتا بابولمەندەب، لەقەوقازیشەوە تاکوو ئۆقیانوسی ئەتڵەسی لە ژووروی ئەفریقا، لەڕێگەی سوڵتانە کانیانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەو ناوچانە فەرمانڕەواییان دەکرد. وڵاتە عەرەبیەکانیش بەزۆری لەژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەدا بوون. سوریا و(عێراق)وحیجاز ومیسر بە ئاسانی سەریان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دانەواندبوو.لەسەدەی شازدەدا، بەشێکی زۆری جەزائیرو تونس وتەرابلوس چوبونە ژێردەسەڵاتی عوسمانیەوە. (ئەحمەد، ٢٠٢١، ١٩-٢٠).

٥. ئیمپراتۆریەتی قاجاری (سەفەوی): بنەماڵەی سەفەوی لەنێوان ساڵانی ١٥٠١-١٧٢٢ فەرمانڕەوایی ئێرانیان کرد، ناوو ڕەچەڵەکیان بۆ شێخ

سەفیەدین ئیسحاقی ئەردەبیلی دەگەڕێتەوە. (احمد و مراد، ١٩٩٢، ٦٥-٧١).

٦. لەو کاتەدا سرود لەقوتابخانەکاندا دەخوێندرا، لەشاری کەرکوک لەبەر ئەوەی سروودەکان بە تورکی بوون، مامۆستایەکی کورد کە بێخودی شاعیر بوو لەکاتی سەردانی کەرکوکدا سرودی کوردی بۆ قوتابیان داناوە لە کەرکوک و سلێمانی بڵاوبۆتەوە. ( کاکەسوور، ٢٠٠٤، ٥٦)

٧. قوتابخانەی نموونەی سەعادەت: لە ١٧ ی مانگی ئۆگەستی ١٩٢٠، لەسلێمانی، لە مەکتەبی نموونەی سەعادەت قوتابی قەیدو قبووڵ دەکرێ و لەیەکی مانگی سێپتێمبەری ١٩٢٠ ڕۆژی چوارشەمە مەکتەب دەکرێتەوە ودەست بەدەرس خوێندن دەکرێ حکوومەت کتێب، دەفتەر، قەڵەم، کاغەز، مەرەکرب، تەباشیریان دەداتێ.(پیرباڵ، ٢٠١١، ١١١).

٨. ناوی عەبدولواحیدی کوڕی حاجی ئاغا مستەفای کوڕی ئاغا محەمەدە لەساڵی ١٨٩٨ لەشاری کۆیە لەدایک بووە، سەرەتایی لەکۆیە تەواو دەکات و دووساڵی ناوەندی لە موسڵ و پاشان لە ئەستەمبوڵ خوێندنی سەربازی لە قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری تەواو دەکات و دەبێتە ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بۆتەواوکردنی بابەتەکە بڕوانە: (شاربازێری، ٢٠١٠، ١٧) و (باکووری، ٢٠٠٤، ١٦٢-١٦٦).

٩. لەسەرەتای چلەکانیشدا وشەی نەتەوە لەگۆڤاری گەلاوێژدا بەکار دەهێنرا (نەبەز ، ٢٠٠٢، ١٦٥)

## ٦. لیستی سەرچاوەکان:


١. **یەکەم: کتێبەکان**

٢. **بەزمانی کوردی:**

٣. بابان، جەمال و ئەوانیتر (٢٠٠٠)، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤. باکووری (٢٠٠٨)، تەمەنێک، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٥. باڵەکی، یادگار ڕەسول حەمەدەمین، (٢٠٠٥)، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٣٢، دەزگای سپیرز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦. پیربـاڵ، فەرهـاد (٢٠١٠)، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، دەزگـای چـاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٧. پیربـاڵ، فەرهـاد (٢٠١١)، کرۆنۆلۆجیـای کوردسـتان ٦٢٥ پ.ز-١٩٣٢، دەزگـای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٨. تۆفیـق، تـاهیر (١٩٨٢)، گـوڵی سەربەسـتی، بەشـی یەکەم، چاپخـانەی دار آفـاق عربیة للصحافة والنشر، بەغداد.
٩. حیلمی، ڕەفیق (١٤٠٠ئێران)، یادداشت،چاپخانەی مادیار، سنە.
١٠.حەمە بـاقی، مـحەمەد (٢٠٠٩)، .مێـژووی مـوزیکی کـوردی، دەزگـای موزیـک وکەلەپووری کورد، چ٣، هەولێر.
١١.حەمە، توانا (٢٠١٧)، موزیک وسیاسەت تیپی موزیکی شەهید کارزان بە نموونە، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٢.خەزنەدار، مارف ٢٠١٠،مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٣.زێوەر، مەحمووود (٢٠٠٣)، دیوانی زێوەر، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.
١٤.سەرکار، خالید (٢٠٠٧)، سروودی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٥.شـــەریف، عەبدولواحیـــد ئیـــدریس (٢٠١١)، ســـروودو گـــۆرانی نیشـــتمانی وبەرەنگاریی کوردی لە کرمانجی خوارووداً، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
١٦.عەبدولواحیـد، ئـازاد (٢٠١٩)، خالیـد سـەرکار هونەرمەنـدێک لەڕەســەنایەتی گەڕا..لەپێناوی هونەرەکەشی ماندووبوونی نەزانی، دەزگای موکریانی، هەولێر.
١٧.قەرەداغـی، ئەنـوەر (٢٠١٢)، بەرگـری نەتەوەیـی لە مۆسـیقادا، چەنـد بـابەت ولێکـۆڵینەوەیەک لەسـەر سـروودی کـوردی، یەکێتـی نووسـەرانی کـورد لقـی سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی.
١٨.کاکەسوور، محەمەد عەبدوڵڵا، (٢٠٠٤)، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق دا (١٩٢١-١٩٥٣)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٩.کەریـم بـایز و عوسـمان ئەحـمەد جاسـم (٢٠١٣)، ئـێمە کـوردین نـابەزین گۆرانییەکانی فوئاد ئەحمەد تەبیب نانەکەلی، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی م گشتی، تایپ و نەخشەسازی کۆمپیوتەری هیوا، هەولێر.

٢٠. محەمەد، ئاوات (٢٠١٢)، سروودی نیشتمانی وکاریگەرییە دەروونییەکانی لەسەر خوێندکاری قۆناغی بنەڕەتی، یەکێتی نووسەرانی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
٢١.موکریانی، گیو (١٩٦٩)، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی هەولێر، چ٢، هەولێر.
٢٢.مەحموود، د.ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا١٩٨٥-٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٣.نەبەز، جەمال (٢٠٠٢)، بیری نەتەوەیی کورد، بنکەی کوردنامە، بەریتانیا.
٢٤.ئاگرین، عەبدوڵلا (١٩٨٨)، دیوانی شوکری فەزڵی، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا.
٢٥.ئەحمەد، زاگرۆز (٢٠٢١)، مێژووی عێراق ١٩١٤-١٩٥٨، چ٢، چاپخانەی میدیا، هەولێر.
٢٦.**بەزمانی عەرەبی:**
٢٧.احمد، إبراهيم خليل و مراد، خليل علي(١٩٩٢)، ايران وتركيا(دراسة في التأريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل.
٢٨.رسول، عزالدين مصطفى (٢٠١٠)، الواقعية في الأدب الكوردي، ط٢، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل.
٢٩.الشوان، عزيز (١٩٧٩)، الموسيقى للجميع، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

٣٠.**بەزمانی ئینگلیزی:**
1- Anastasiia Gordeeva, (2021), Propaganda, Patriotism, and Perseverance: How Music Became an Instrument for the US War Effort During the Second World War, Articles by Anastasiia Gordeeva - Inquiries Journal, , VOL. 13 NO. 11 | PG. 1/1.
2- Igor Cusack, (2008), From Revolution to Reflection: The National Anthems of the New Lusophone Worlds University of Wisconsin Press journals Division.
3- Joshua H. Howard, (2014), "Music for a National Defense": Making Martial Music during the Anti-Japanese War, University of Mississippi, East Asian History and Culture Review E-Journal No. 13.
4- Matthew J. Slater, S. Alexander Haslam & Niklas K. Steffens. (2018), Singing it for "us": Team passion displayed during national anthems is

associated with subsequent success Article in European Journal of Sport Science ·
5- Yi-Chieh Lai, (2018), CHINESE ZHENG AND IDENTITY POLITICS IN TAIWAN, UNIVERSITY OF HAWAI'I AT MĀNOA, THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF DOCTOR OF PHILOSOPHY IN MUSIC.

**دووەم: دیدارەکان**

- قەرەداغی، ئەنوەر (٢٠٢١/٧/٣)، یەکشەممە، کاتژمێر ٤.٢٥ دەقیقە پاش نیوەڕۆ ، سلێمانی.
- فەرهادی، عومەر (٢٠٢٢/١١/٢٨)، دووشەممە، کاتژمێر ١٠.١٧ پێش نیوەڕۆ، هەولێر.
- ئەحمەد، وریا (٢٠٢٢/٧/٢)، شەممە، کاتژمێر ٦.٣٠ پاش نیوەڕۆ، هەولێر.
- شەنگ، ئەحمەد (٢٠٢٢/١٢/٢١)، چوارشەممە، کاتژمێر ٩.٢٨ پێش نیوەڕۆ، هەولێر.

**نامەی دکتۆرا و ماستەر :**

١- محمد، فاضل مصطفی (١٩٨٩)، زێوەر ژیان وبەرهەمی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.
٢- ئاگرین، عەبدوڵڵا (١٩٩٤)، شیعری سیاسی کوردی لەخوارووی کوردستان لەیەکەم جەنگی گێتییەوە تا ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٠، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

**گۆڤارەکان:**

١- باکووری (٢٠٠٤)، عەبدولواحید حاجی ئاغا مستەفا، گۆڤاری ڕامان، ژ(٨٧/٨٦)، دەزگای گوڵان، هەولێر.
٢- باکووری، (٢٠٠٠)، سروودەکانی کوردی سەدەی بیستەم، گۆڤاری ڕامان، ژ ٥٢، دەزگای ڕۆشنبیری وڕاگەیاندنی گوڵان، هەولێر.
٣- خەزنەدار، د.مارف، (١٩٧١-١٩٧٢)، گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیات، ژ ١٥، بەغدا.
٤- خەزنەدار، مارف، (٢٠٠٩)، ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لەپێناوی مافی نەتەوایەتی لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان ژ١٤٦، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٥- دەباغی، عبدالقادر، (١٩٥٨)، ..........، گۆڤاری شەفەق، ژ ٤، هەولێر.

٦- ڕەسول، د.عیزەدین مستەفا، (٢٠٠٧)، بەختیار زێوەر ژیان و بەرهەمی، گۆڤاری ڕۆڤار، ژ٤٦، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٧- ڕەسوول، د.عیزەدین مستەفا، (١٩٨٥)، شیعری تازەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٥. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

٨- شارباژێری، عوسمان، (٢٠١٠)، کاروانی مۆسیقاو گۆرانیی لە شاری سلەیمانیی هەر لە ساڵی (١٧٨٤) ەوە تا (١٩٨٤)، گۆڤاری چلاواز، ژ٥٥، دەزگای موزیک وکەلەپووری کورد، هەولێر.

٩- ع.س، (١٩٥٧)، دەرسی کوردی لەقوتابخانەکانی هەولێر، گۆڤاری هەتاو، ژ ١١٠، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

١٠-قەرەداغی، ئەسعەد، (٢٠٢٢)، سرووودی ئەی ڕەقیب لەتای تەرازوودا، گۆڤاری دیوان، ژمارە ١٧، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١١-قەرەداغی، ئەنوەر، (٢٠١١)، بەرگری نەتەوەیی لە مۆسیقادا، گۆڤاری ڕۆڤار، ژ٦٦، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٢-کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، (١٩٥٧)، گۆڤاری هەتاو، ژ ١١١، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

١٣-ئاگرین، عەبدوڵلا، (٢٠١٣)، حەماسەت، ئەفراندنی لە سروودی کوردیدا خولقاندوە، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، ژ ٥٥، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٤-ئەحمەد، وریا، (٢٠٠٨)، عەبدولواحید حاجی ئاغا مستەفا، گۆڤاری ڕامان، ژ.١٢٨، دەزگای گوڵان، هەولێر.

**سێیەم ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان**

(Cambridge.org, 2022, 0nline)
https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/hymn
https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/anthem

## الملخص

### دور الشاعر في النشيد القومي الكردي، زيور كمثال

تـم إجـراء هـذا البحـث علـى أسـس تاريخيـة ووصـفية ، وأكاديميـا يتكـون محتـوى هـذا البحـث مـن عـدة محـاور: المبحـث الأول بدايـة النشـيد القـومي والعوامل السياسية التي لعبت دورا في هـذا المجـال. المبحث الثـاني هـو تـاريخ الشـعر القـومي فـي كردسـتان و دور الشـعراء فـي غـرس بـذور الفكـر القـومي وحـب الـوطن. الفصـل الثـالث دور الشـاعر زيـور كرائـد فـي تقـديم ونشـر هـذه الأناشـيد. وذلـك لأن الشـعراء فـي الأناشـيد القوميـة لعبـوا الـدور الأهـم فـي زرع بـذور المحبـة والـولاء والـدفاع عـن الأرض والـوطن. الهـدف مـن هـذا البحـث هـو تسـليط الضـوء علـى الـدور الـذي لعبـه الشـاعر فـي بدايـة إنشـاء وتعلـيم ونشـر النشيد القومي بين الشباب والمجتمع الكردي.


**الكلمات الدالة**: دور الشاعر ، الشعر القومي ، النشيد القومي.


## Abstract

### The role of the poet in the Kurdish national anthem
### Zewar as an example

This research was conducted on historical and descriptive bases, and scientifically the content of this research consists of several axes: The first topic is the beginning of the national anthem and the political factors that played a role in this field. The second topic is the history of national poetry in Kurdistan and the role of art in planting the seeds of national thought and the love of the homeland and the Kurdish homeland. The third chapter is the role of Zewar Honor as a pioneer in presenting and publishing these anthem. This is because art played the most important role in the national anthem in sowing the seeds of love, loyalty, and defense of the land and homeland. The aim of this research is to shed light on the role played by art in the beginning of the creation, education and dissemination of the national anthem among the youth and the Kurdish community.


**Keywords**: the role of art, national poetry, the national anthem.